www.kurdistannet.org
1-10-2006 6:13 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**تاکەی کورد لەژێر گورزی بیری چەق وەستاو دا بنالێنێ؟؟؟!!! نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز کاک مەسعود بارزانی! ... هیوا زەندی**

لەگەڵ سڵاوی گەرم لە ئێوەو گشت هەڵسو ڕێنەرانی دڵسۆزی حکومەتی کوردستانی باشور، ئەمەوێ خۆشحاڵی لە ڕادە بەدەری خۆم پێتان را بگەیەنم لە هەمبەر ئەو قەوارە سیاسییەی لە کوردستانی باشور بە هەوڵو تەقەلای هەموو لایەکتان و خوێنی پیرۆزی شەهیدانی ڕێبازی کوردستان ئاواتان کردۆتەوە. ئێمەی کورد لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بژین سەر بڵندین بەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کوردستانی باشور وەکو کیانێکی سیاسی بە هێزو وەکو بزوێنەری سەرەکی لە گۆرانکارییە بنەڕتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنەخشەی جیهانو کۆمەڵگەی نێونەتەوەی دا زیاتر ڕوخساری خۆی دەنوێنێ. دیارە ئەمەش لە ئاکامی ئەو دەرفەتە سیاسی‌یە نێونەتەوەییەوە دێت کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ساسی و ئابورییەکان، گۆڕانی دیموکراتیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دا کردووە بە ستراتیژیی نوێ. بێ گومان ئەگەر کارامەیی دەسەڵاتی سیاسیی ئەمرۆی کوردستانی باشور نەبووایە، نەدەکرا ئەم دەرفەتە لەم بارەی ئێستادا کە لە بەرژەوەندی کورد بەرەو پێش دەچێ سودی لێوەربگیرابووایە. ئەمەش جێگای ستایشە و پێویستە ڕۆشنبیرانی کورد ئەم دەسکەوتە بەرز بنرخێنن لەپاڵ ئەو کەمو کورییانەی کە پەیوەندیدارن بە گەندەڵی و خزمەتگوزاریەوە و ڕۆژانە لەمیدیاکان باسی دەکەن.

ئەوەی لێرەدا هانی دام ئەم چەند دێرە بنووسم پەیوەندی بەو نارەزاییانەوە هەیە کە هەندێ لایەنی ئیسلامی دەریدەبڕن سەبارەت بە مادەی (7) ی ڕەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان کە تیایدا پێشنیاز کراوە بنەماکانی سیستمی یاسایی ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرەکی بێت لە یاسادانان نەوەك تەنیا سەرچاوەی سەرەکی کە ئەوان داوای دەکەن. لێرەدا من وەکو لاوێکی قوتابی یاسا بە پێویستم زانی دەنگم بەرز بکەمەوە لەئاست ئەو داخوازییە نا پێویست و بێ بنەمایەو ئەم چەند ڕونکردنەوەیە کە دڵنیام ئێوەی بەڕێز چاك لێی بەئاگان بکەمە بەر چاو:

یەکەم:ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردنی دەستوری هەمیشەیی کوردستان نوێنەری پارتەسەرەکییەکان و ئەندامە سەربەخۆکانی نێو پەرلەمانی کوردستانن کە ئەوانیش لە لای خۆیانەوە بە زوربەی دەنگی خەڵکی کوردستانی باشور هەڵبژێردراون. بۆیە بە شێوازی دیموکراتی هەڵبژێردراون و پێویستە ڕێز لەم بیرۆکە یاساییەیان بگیرێ بەو پێیەی نوێنەرایەتی زۆربەی خەڵکی کوردستان دەکەن. ئەگەر کەمینەیەکی بچوك داواکاری گۆڕانی مادەیەکی گرنگی دەستوریان هەیە کەپەیوەندی بەشێوازی حکومەت و لایەنی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و پێشکەوتوو خوازیی داهاتووی گەلی کوردستانەوە هەیە، با داواکەیان نەبێتە هۆی دانانی یاسایەکی دەستوری کە دژی خواستی گەل بێت.

دووەم: ئەم مادەیە لەباری ئێستایدا کە بنەمایەکی دیموکراتی یاسایی دادەمەزرێنێ، سودی یاسایی زیاترمان پێدەگەیەنێ لە ئاست ئەو داوایەی کە ئیسلام ببێ بە سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان. یەکێك لەهۆکارەکان ئەوەیە کە شەریعەتی ئیسلام لە دۆخی ئێستادا یاسایەکی زۆری تیایە کە تەنانەت لە قورئانی پیرۆز و حەدیسیش دا بە ڕوونی ئاماژەیان پێنەکراوە، بەڵکو بە جۆرێك شی (تەفسیر) کراونەتەوە کە بەرژەوەندی تایبەتی نەتەوە باڵا دەستەکان و کولتەرەکەیان و پیاوسالارێتی بپارێزێ. کاتێکیش دەستوری کوردستان دەڵێ ئاینی ئیسلام سەرچاوەیەك بێت لە یاسا دانان نەوەك سەرچاوەی سەرەکی، ئەم پێڕەوە یاساییە دەرسکێنێ کە سیستمی یاسادانی کوردی خۆی لەو یاسایانەی ئیسلام بپارێزی کە دەسکردی مرۆڤن و بۆ بەرژەوەندی تایبەت گەڵاڵە کراون.

ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە ئەم یاسا دەسکردانە، بە تایبەتی ئەوانەی لەبەرژەوەدی تایبەتیی نەتەوەیی دان، لە ژێر گوشاری ئەو ئیسلامە سیاسیانەدا لێکدراونەتە کە بیری چەوتی شۆڤێنییان لەژێر

پەردەی ئایینی ئیسلام دا حەشار داوە. هەمووشمان چاك دەزانین چۆن كورد هەزارو چوار ساڵە بە كۆت و بەندی ئیسلامی سیاسیی شۆڤێنییەوە دەناڵێنێ. بەدرێژایی مێژووی ئیسلام، دەسەڵاتە توند ڕەوە شۆڤینییەكان ئیسلامیان وەكو ئامرازێك بەكار هێناوە بۆ نەزۆك كردنی بیری نەتەوایەتی و هەستی خۆ دەسەڵان كردنی نەتەوەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە وانەیش بەتایبەتی كورد. دیارە بەباس كردنی ئەم ڕاستییە مێژوویییە مەبەست لایەنی روحانی یان مەعنەوی ئاینی ئیسلام نییە بەڵكو مەبەست لەو پاساوە ئایینیانەیە كەلەسەر میلاكی ئیسلام دروست كران و تالانی و ژێر دەستەیی نەتەوەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان كرد بە یاسایەكی ئایینی و خودایی. زۆر بەداخەوە گەلی كوردیش بەدرێژایی ئەو هەزارو چوارسەت ساڵە نەیتوانی دەرك بە كۆت و بەندە ئایینییەوە بكات و ئەو ڕەوت و بنەما شارستانییە كوردییەی كە بەكۆنترین دەژمێردرێ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە دەست داو تەنیا وەكو نەتەوەیەك توانی بوونی خۆی و زمانەكەیی و داب و نەریتەكەی بپارێزێ. ئەم لایەنانەشی كە توانی بپارێزرێ بەتایبەتی زمان و داب و نەریتەكەی، وەنەبێ تەنیا بەهۆی خۆڕاگری كورد خۆیەوە بێت بەڵكو لەڕاستیدا هیچ مەترسیەكی ڕاستەو خۆی بۆ دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی نەبوو و ئەوانیش كەمتر گرینگییان بە لەناو بردنی ئەم لایەنانەی كورد دا. بەڵام لایەنەكانی تری شارستانییەتی كورد، وەكو ئاینیی كۆنی كورد و ئاسەوار و نوسراوەكان كە پەیوەندیان بەمانەوەی شارستانییەتی كوردەوە هەبوو و مەترسی بۆ دەسەڵاتی ئیسلامی سیساسی هەبوو هەموو لەناو برد. تەنیا ئەوە نەبێ لە ڕووی ئایینییەوە لە ژێر ناوی جیا جیا دا و بە نهێنی هەندێ كورد، وەكو ئێزدییەكان و كاكەییەكان، توانییان هەندێ لایەنی كونی ئایینی كوردی بپارێزن. ئەوانەیشی نەیانتوانی لە كوردستان ئایینە كوردییەكەیان بپارێزن ناچار بوون كوردستان بە جێبهێڵن. جێی سەر سورمان نییە كە كوردێكی زۆر ئێستاش لە هێندستان و پاكستان و وڵاتەكانی تر دا دەژین. بۆ نمونە، بیرۆكەیەك هەیە كە «كورگ» یان «كۆداڤۆسەكان»ی پارێزگای «كۆداگۆ» لە هەرێمی «كارناتاكا»ی خواروی هیندستان بە پاشماوەی ئەو كوردانە دەزاندرێن كە لە ترسی وەرگەڕان بۆ سەر ئایینی ئیسلام كوردستانیان بەجێهێشت.

داخەكەم! ئەوەی منی زۆر پەرێشان كردووە، ئێستاش دوای هەزار و چوار سەد سال و دوای ئەم هەموو مالوێرانییەی بەسەر كورد دا هات، هێشتان كۆمەلێك خەڵكی كورد ماون كە ئاراستەی بیریان هێشتان پەی بەم كوت و بەندییە مێژووییەی كورد نەبردووە یان نایەوێ هەستی پێبكەن. لەگەڵ ئەشدا تەنانەت خواستیارن دەوام بەو سیاسەتە توێنەرەوەیە بدەن. نازانم بۆ ئەو برا كوردانە ئەوە ناهێننە بەرچاو كە ئەو «ئەنفال»ەی سەدام بەسەر كوردی دا هێنا لەڕووی فیزیكی و بیری شۆڤینییەوە بە دەرزی لەگەڵ ئەو «ئەنفال» ەی كە بەر لە هەزار و چوار سەد ساڵ لە كاتی داگیر كردنەكانی ئیسلام بەسەر كوردیان دا هێنا جیاوازی نییە. تەنیا ئەوە نەبێ كە ڕووبەری ئەنفالی سەدام پارچەیەكی كوردستانی گرتەوە بەڵام ئەنفالی ئەوسا هەموو كوردستانی گرتەوە. ئەنفالی ئێستا بەشێكی كوردستان وێران دەكات و 18 پاكیزەی كورد، كە تا ئێستا بۆمان ڕوونە، دەنێرێ بۆ وڵاتی مسر بۆ دامركاندنی حەزی پیس و بۆگەنی نامرۆڤانەی شۆڤێنییان. بەڵام ئەنفالی ئەوسا، هەموو كوردستان وێران دەكات و بەسەدان كچە كورد بە ناوی «دەسكەوتی جەنگ» دەبا بۆ مەككە و مەدینە بۆ دامركاندنی حەزی ڤێزاوی و شۆڤێنی عەرەبە دەرەبەگ و دەوڵەمەندەكان.

تاكەی ئێمە خۆمان لە داوی ئسلامی سیاسی ڕزگار نەكەین و وابزانین تەنیا ڕێگا بۆ خوا و بۆ مروڤایەتی لە هەڵبژارنی سیستمی یاسایی ئیسلام وەكو سەرچاوەی سەرەكی یاسادان دا دەست دەكەوێت.

بۆیە من لەرێگای ئەم نامەوە تكا لە هەموو ئەو برا یانە دەكەم كە چیتر پەیرەوی سیاسەتی كۆت كردنی گەلی كورد نەكەن و تاوێرێكی گەورە بكێشن بەو گۆمە نەشڵەقاوە. هەوڵ بدەن بەئاگا بێنەوە كە

لە سەدان ساڵەوە چ شیوەنێکمان بۆ دروست کراوە و بیرو هەستمان چۆن کوت دراوە. ئەگەر جارێکی تر تایبەتمەندی ئیسلامی سیاسی بکەین بە بنەمای سیستمی دادوەریی و لە دەستوری کوردستان دا تۆماری بکەین و لەوێشەوە بیێتە بنەمای سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەمان، ئەوا چۆن ئێمەی نەوەی ئەم سەردەمە لە گەورە دەسەڵاتدارنی سەردەمی کۆن وەکو سەلاحەدینی ئەیییوبی و ئەبو موسلیم و کەریم خانی زەند نابورین، ئەوا نەوەی داهاتووش بە هەمان شێوە لە گەورە دەسەڵاتدارانی کوردی ئەم سەردەمە نابورن. ئەوەش بزانین بورین هیچ بە هیچ ناکات، ئەوەی دەمێنێتەوە ژێر دەستەیی سیاسی وماڵوێرانی کوردە.
ئەگەر ئەو برا کوردانە بپرسن چۆن تەنیا بەکردنی سیستمی یاسایی ئیسلام بەبنەمای سەرەکی یاسادانان، ئێمە ژێردەستەو ماڵوێران دەمێنینەوە. من لەبەر درێژ بوونەوەی ناوەڕۆکی نامەکە تەنیا ئەوە دەڵێم چۆن لەمێژوودا دوای هاتنی ئیسلام، کورد چەندین جار گەیشت بە ترۆپکی دەسەڵات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام چونکە هەموویان بە ناوی ئیسلامەوە کرد و نەتەوەی کورد و تایبەتمەندییە نەتەوایەتییەکانی نەکرا بە پێگەیەك بۆ گەشەپێدانی دەسەڵات و بەرەوپێش بردنی زانست بە بیری کوردی، حاڵمان بەم حاڵەی ئێستا گەیشت کە بە نەتەوەیەکی چل ملیۆنی پارچە پارچە کراو ماوینەتەوە. بە جۆرێ کەلەدوای جەنگی جیهانی یەکەمیش ئەو هەلە سیاسییەی بۆ کورد دروست بوو، لەبەر ئەوەی هۆشیاری نەتەوەیی کورد بەئاستێك نەگەیشتبوو کە تێکرا لە سەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یەك دەست و هاودەنگ بن و بتوانن چۆك بەدوژمن دابنێین. بەڵام ئێستا ئەو هەلە دیسان هاتۆتەوە، با هەموو هەنگاوێکمان لە سەر بنەمای پێشکەوتن بە کوردی بێت و بتوانین دەستوورێك بکەین بەبنەمای یاسای کوردستان کە دەرگای ئاوەڵا بێ بۆ بەرەو پێش بردنی باری سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستان و هیچ جۆرە رێگری یاسایی لەچوونە پێشی بۆ نەرسکێنین.
سێیەم: لەگەڵ هەموو ئەو هۆکارانەی سەرەوە کە باسمان کرد، لە رووی پراکتیکەوە سیستمی یاسایی ئیسلام لە باری ئێستادا رەنگە نەتوانێ لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە سەردەمی ئەمرۆی بەجیهانی بووندا روویانداوە و بەردەوام لە روودانن هەڵبکا. هۆی سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتە کە هەروەکو مێژوو بۆمانی ئێسپات کردووە کە دوای داخستنی «دەرگای ئیجتیهاد» واتە «هۆیاندن» یان لێکدانەوەی یاسایی
(Legal Reasoning) ،
هەروەها پەیرەو کردنی «تەقلید» لە سەدەی یازدەمەوە، سیستمی یاسادانی ئیسلامی مافی گۆران و بەرەوپێش چوونی قانونی لەخۆ سەندەوە. زانایۆخەکانی ئەوسای ئیسلام لەسەر ئەو بنەمایە بەم ئەنجامە گەیشتن کە ئیتر ئایینی ئیسلام لەهەموو روویەکەوە تەواو (تەکمیل) بووە و چیتر پێوستی بە لێکدانەوە نەماوە. بەڵام ئەم قۆناخە لە راستیدا کێماسییەکی گەورەی هێنایە ناو سیستمی دادوەری ئیسلامییەوە. ئەمەش کارتێکەیی نێگەتیڤی لەسەر رەوتی پێشکەوتنی زانستی، سیاسی، ئابوری و کۆمەلایەتی پەیا کرد بە جۆری کە وڵاتە ئیسلامییەکان لە هەموو بوارێك لە وڵاتانی رۆژئاوا دوا کەوتن. زانایۆخە ئێسلامییەکانی سەردەمی مۆدێرن، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە، بە پێشەنگی ئیبن عەبدە کە کوردێکی مسری بوو، هەستیان بەو کێماسییە کرد و گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە تا دەرگای لێکدانەوە والا نەکەنەوە ناتوانن لە رووی یاساییەوە بگەنە سیستمە یاساییە پێشکەوتووەکانی رۆژئاوا و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم هەڵبکەن. هەروەکو دادوەر «کۆك» چاك دەپێکێ کە دەڵێ "هۆیاندن رۆحی قانونە، گەر بێتو هۆیاندن بوونی خۆی لە هەر جۆرە قانونێك لە دەست بدات، ئەوا ئەو قانونەش بەهەمان شێوە بوونی خۆی لە دەست دەدات". بۆیە سیستمی دادوەریی ئیسلام لەم دۆخەی ئێستا دا لە ئاست سیستمە دادوەرییەکانی رۆژئاوایی و لە ئاست ئەو پێشکەوتنانەی کە جیهان بە خۆیەوە بینی

هەڵناکا. کۆت کردنی بنەمای یاسادانانیش لە کوردستان بە سەرەکی کردنی سیستمی یاسا دانی ئیسلامی، دەبێتە مایەی دواکەوتن لە ئاست ئەو گۆڕانکارییە سیاسی، ئابوری، تەکنەلۆجی و کۆمەڵایەتییانەی لە جیهان ڕوو دەدەن.

لێرەدا دەمەوێ نمونەی جاپان بهێنمەوە. جاپان پێش ساڵی 1868

لەسەر بنەمای دەسەڵاتداریی فیودالیزمی و سیستمی یاسایی نەریتیی بەڕێوە دەچوو. بەڵام پاش چڕبوونەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتە ڕۆژ ئاواییەکان بەتایبەتی لە ڕووی ئابورییەوە، دەسەڵاتدارە بە ناو «مێجی»یەکانی جاپان زۆر بە پێوستیان زانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە لەسیستەمی یاساییان و شێوەی بەڕێوبردنی وڵات بکەن. ئەمەش بۆ ئەوەی لە ڕووی سیاسی، ئابوری، یاسایی، داهێنان و تەکنەلۆجیی پێشکەوتووەوە بەهێز بن و بگەنە ئاست وڵاتەپێشکەوتووە ڕۆژئاواییەکان. لەرووی یاساییەوە، هەنگاوی سەرەکییان بنەمای یاسای وڵاتەکەیان لەسەر بنەمای یاسای وڵاتە پێشکەوتووە ڕۆژئاواییەکان بوو. لەساڵی 1885، ڕۆشنبیرێکی بەتوانایان، یوکیچی فوکوزاوا، ووتاریکی زۆر کاریگەری بەناوی «بەجێهێڵانی ئاسیا» نووسی و تیایدا ئەو تێزەی تاووتوێ کرد کە پێویستە جاپان خۆی بە وڵاتە شارستانییەکانی ڕۆژئاوا ئاشنا بکات و جیرانە «هیوابڕاو و دوا کەوتوو» ە کانی ئاسیای، لەوانە چین و کۆریا، بەجێبهێڵێ. لێرەدا من مەبەستم ئەوە نییە بنەمای یاسایی وڵاتە پێشکەوتووە ڕۆژئاواییەکان بە تەواوی بکەین بە بنەمای یاسادانان لە کوردستان، بەڵام دەمەوێ ئەوە بە بیر بهێنمەوە کە چۆن ئێستا جاپان دووەم بەهێزترین ئابوری هەیە لە جیهان، هەمووی لە سایەی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەوە بوون. ئەو وڵاتانەی تری ناوچەکە کە هەر پابەندی پەندی پێشینان و یاسای نەریتیی کۆنی نەگۆڕیان بوون و سیستمی یاساییان داخراو بوو، وەکو چاینا و کۆریای باکور، ئێستا بە وڵاتی جیهانی سێیەم دەژمێردرێن و ساڵانە بە هەزاران خەڵکی وڵاتەکەیان تەنانەت لە برسان دەمرن. چاینا لەم دووایيانە کە هەستی بەم هەڵەیە کرد، بڕیاری گۆڕانگاریی بنەڕەتی دا و وا وردە وردە بەرەو سیستمی یاسایی کراوە لە شێوازی سیستمە ڕۆژئاواییەکان دەچێ.

بۆیە لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی سەرەوە، داوا لە بەڕێزتان دەکەم، وەکو باڵاترین دەسەڵات لەحکومەتی کوردی دا، هەرگیز ڕێگا نەدەن ماف و خواستی دیمکراتیی گەلی کورد لە کوردستان پێشێل بکرێت و لە بەرانبەر ئەو خواستەی برا ئیسلامییەکان بەندی ئایینی ئیسلام وەکو سەرچاوەیەك لە بنەمای یاسادان لە کوردستان ناگۆڕان. ئەگەر ئەو برا ئیسلامییانە زۆر مکوڕن، با لە ڕێفراندۆمەکەدا خۆیان تاقی بکەنەوە، ئەوسا بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە ئیتر کاتی چەق وەستان بەسەر چووەو گەلی کورد دەخوازێ شان بە شانی وڵاتە پێشکەتووەکان هەنگاو بنێت.

هەر سەرکەوتوو بن لە هەوڵەکانتان لە بە دی هێنانی خەونەکانی گەلی کورد.

هیوا زەندی
خوێندکاری یاسا و پەوەندی نێودەلەتی،
زانکۆی کوینزلاند،
ئوسترالیا.
2006/9/30